١

زنجیرە ڕێنماییەکانی دێری-ژمارە (٨٩) ژمارەی مۆڵەت

کۆمەڵێك ئادابی شەرعی

ئادابی یازدەیەم

ئادابی ئیزن خواستن



نوسین و ئامادەکردنی

م. هەڵگورد مصطفی گەڵاڵەیی

چاپی یەکەم ١٤٣٧

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى صحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين و بعد .

ئادابی ئیزن خواستن

١) نەچوونە ژوورەوەی هیچ ماڵ و هیچ ژورێك بەبێ ئیزن خواستن : خوای گەورە فەرموویەتی: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتاً غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا } سورة النور (٢٧) .

واتە : ئەی ئەوانەی باورتان هێناوە مەچوونە هیچ ماڵێکی تر جگە لە ماڵەکانی خۆتان هەتا ئیزنیان لێ وەردەگرن ، پاشان ئەگەر مۆڵەتیان دان ئەوە بڕۆنە ژوورەوە سەلامیان لێ بکەن .

٢) ئەگەر چووی بۆ ماڵێك سەرەتا سەلام بکە ئینجا داوای ئیزنی چوونەژوورەوە بکە: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر دەرگا ووتی بێمە ژوورەوە ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ بەخزمەت کارەکەی فەرموو برۆ فێری بکە و پێی بڵێ: (السلام عليكم أأدخل) واتە: سەلامتان لەسەر بێت ئایە ئیزن هەیە بێمە ژوورەوە ، پاشان پێغەمبەرخوا ﷺ ئیزنی داو پیاوە کە هاتە ژوورەوە .

٣) سێ جار بۆت هەیە داوای ئیزن خواستن بکەی ئەگەر مۆڵەتت نەدرا دەبێت بگەڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی (إذا أستأذن أحدكم ثلاثا فلم يؤذن له فليرجع) . متفق عليه .

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە سێ جار ئیزنی خواست بەڵام ئیزنی پێ نەدراو ئەوە با بگەڕێتەوە .

٤) **له كاتی ئیزن خواستن ئه گەر پێت وتراتۆ کیت ؟ ناوی خوت بهێنه** نەك بڵێ (منم) بێ ئەوەی ناوی خۆت بهێنی , بۆ ئەوەی ناسرێی .

٥) **نابێت له کاتی ئیزن خواستندا له بەرامبەر دەرگای ماڵەکه بووەستی :** به لکو ده بێت لەلای راست یان لای چەپی دەرگاکه بوەستی بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ چاوت بەشتێکی نادروسته نەکەویت .

٦) **زۆر دی نه کردن له ئیزن خواستندا :** ئەگەر ڕیگەت پێ نەدرا ڕاستەوخۆ بگەڕیوه دڵگران مەبە.خواگەوره فەرموویەتی: { وَإِن قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ } (٢٨) سورة النور . واته : ئەگەر پێتان وترا بگەڕنیەوه (کا تمان نیه یان کارمان هەیه) ئەوه بگەرێنەوه (بەبێ دڵگرانی) ئەوه چاکتره بۆتان .

٧) **نابێت له دەرگاوه یان له کونێکی دەرگاوه سەیری ژوورەوەی ماڵی خەڵك بکەی:** پێغەمبەرخوا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك بڕوا نێته ماڵی کەسێك بەبێ ئیزن ، ئەگەر خاوەن ماڵەکه چاوی ئەوکەسەیان کوێر کرد ئەوە ئەو کەسە هیچ خوێن وتوڵە سەندنەوەی بۆنیه .

٨) **نابێت بچیته ماڵێك ئەگەر کەسی تیانەبوو :** خوای گەوره فەرموویەتی: (فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤْذَنَ لَكُمْ ۖ) . (النور: ٢٨)) . واته : ئەگەر کەستان لەماڵێکدا نەبینی مەچوونەژوورەوه هەتا ئیزنتان پێ دەدرێت .

٩) **داوای ئیزن خواستن لەکاتی ڕویشتندا :** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إذا زار أحدكم أخاه فجلس عنده فلا يقومن حتى يستأذنه) . صحيح الجامع : ٥٨٣ . واته :

ئەگەر یەکێك لەئێوە سەردانی براکەی کردوو لەلای دانیشت با هەڵنەستێت هەتا ئیزنی لێ دەخوازێت .

١٠) ئیزن خواستن لە کاتی چوونە ماڵی دایك یان خوشك یان برا : پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر خوا ﷺ کردو وتی ئایە لەکاتی چوونە سەردانی دایکم ئیزنی لێ بخوازم ؟ پێغەمبەر خوا ﷺ فە رمووی ئایە حەز دەکەی دایکت بە رووتی ببینی پیاوەکە وتی نەخێر پێغەمبەر خوا ﷺ فەرمووی کەواتە ئیزن بخوازە ئینجا لە دەرگا برۆ ژوورەوە .

(١١) مندالآن کاتێك بالغ دەبن ئەوانیش دەبێت ئیزن بخوازن : خوای گەورە فەرموویەتی { وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ } النور (٥٩). واتە : هەر کاتێك منداڵەکانتان باڵغ بوون با ئەوانیش مۆڵەت بخوازن وەکو چۆن کەسانی پێش ئەوان مۆڵەتیان خواستووە (لە کاتی هاتووچۆکردن ژووری دایك باوك و غەیری ئەوانیش).

١٢) سێ کات هەیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە کە مندالآنی بالغ نەبووش دەبێت ئیزن بخوازن لەکاتی چوونە ژوورەکان : یەکەمیان لە پێش نوێژی بەیانی، دوومیان: لەکاتی نیوەڕۆ لەوکاتەی خەڵکی پۆشاکەکانیان دادەکەنن ، سێیەمیان : لە دوای نوێژی عیشا . سەیری سورەتی (النور)بکە ، ئایەتی : ٥٨ .

وصلى الله على محمد وعلى صحبه وسلم

٢٣ / صفر / ١٤٣٧ هـ – ٢٣ / ١١ / ٢٠١٦ م

لە بلاوکراوە خێریەکانی پەرتوکخانەی دێرین - سۆران - ڕیزی سیدی فرۆشان - پێش یاریگا - بەرامبەر تارین نێت - ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠